ئەنفال، بکوژی دەنگ و ڕەنگی کوردی

هۆمەر محەمەد

وای بۆدەچم ئەوەی کە هەتا ئێستا نەیهێشتووە کورد لەناو ئەوانی دیدا بتوێتەوە کولتوورە بەهێزەکەیەتی، زمان و جلوبەرگ و دابونەریت، بەتایبەتی زمان، کە ئەو چەکە بەهێزەیە شەڕی مانەوەی پێ دەکات. جگە لە وشە و ئاخاوتن زمانی تریشی هەیە. یەکێک لەوانە ڕەنگەکانن. ڕەنگە باشترین نموونە هەڵوێستە مێژووییەکەی زارا ساڵح بێت، کە لە دوای ئەنفال ژنێکی ڕەشپۆش بوو، بەڵام بەپێچەوانەوەی ئەمەوە دەڵێت "ئەو ڕۆژەی گوتیان سەدام گیراوە، جلی سوورم لەبەرکرد و بە کۆڵانەکاندا دەسووڕامەوە"، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی هەرێم کەشێکیان بۆ ئەم ئامادەییەی ژنانی ئەنفال نەڕەخساند، بەپێچەوانەوە هەوڵێکی بە بەرنامە لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەمیشە کورد خۆی بە کەم بگرێت و کولتووریی ئەوانی دی بەسەردا بسەپێنن. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو دیدە دوژمنکارانە و لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژووی کورد هێندەی مێژوویەکی تراجیدی و جەنگ و جینۆسایدە هێندە مێژووی شادی نییە، بەڵام کورد هەر دەستبەرداری ژیان و چێژ و جوانییەکانی نەبووە. ئەوەش یەکێکە لە بەهێزترین ئارگیومێنتەکانی هۆشیاریی کوردی، کە لەناوجەرگەی ئەو هەموو تراجیدیایەشدا دەستێکی بە جوانییەکانی ژیانەوەیە، هێشتا ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەنگدایە لەناو ژینگە و سروشت و کولتووری کوردی دا ڕەنگ ئامادەییەکی

زۆری هەبــووە، ئێســتاش هەر ئامــادەیە. بێگومــان کەمتەرخەمیشــی هەیە لەوەی هێشــتا چیرۆکــی خــۆی لەڕێــگەی ڕەنــگەوە بگێــڕێتەوە، چــونکە ڕەنــگ زمــانێکی دی گێــڕانەوەیە. وەک عەلــی پێنجــوێنی شــاعیر دەڵێــت: ڕەنــگ زمــانێکە پــڕ لە قســە، پــڕە لە گــۆکردن. ڕاســتە ڕەنــگ هەمیشــە لە ژیــان و کولتــووری کوردی ـدا لەنــاو مــاڵ و سروشــت و دەوروبەری کوردی ـدا ئامــــادەیە و لە هــــیچ دۆخێکــــدا ســــەرباری ســــوتاندن و وێرانکــارییش کوردســتان بــێ ڕەنــگ نەبــووە. بەڵام وەک ئــامرازێکی هــونەری و هێزێکــی فەلســەفی و ئیســتاتیکی لە کــایەی هــونەر و ئەدەب و هزرانــدنــدا ڕەنگــی نەداوەتەوە. بــۆیە لەم بــابەتەدا گەرەکــمە ئەو ڕ ەنگــانەی فاشــیزم لە خەڵکــی کوردســتانی زەوت کــردووە، هــونەری ســینەما بەدەســتیان بهێنێــتەوە و ژیــانی کــوردان ڕەنــگ هەڵبێنێــتەوە، ئەوەی سیاسەت وێرانی کردوون و ڕووخاندونی، سینەما بونیادیان بنێتەوە.

گەڕان و پشکنین، کاریگەریی نەبینراوی ئەنفال

کاتێــک کەوتــمە گەڕان بەدوای چیرۆکەکــانی ئەنفــالدا هــیچ نیــازێکم نەبــوو، ڕۆژێــک بــبمە تــوێژەر یــاخود لێکۆڵیــاری ئەم تــوخمە ســتاتیکییە لەم دۆســیەیەدا. هەتــا بــزانم کاریگەرییەکــانی ئەنفــال هەتــا کــوێ ڕۆچــوون، بەڵکــوو ئەم ڕادیەنەم دانــابوو کەســانی تــر پێــی هەســتن و منــیش بەکارەکــانم ســوودێک بەکــایەی هــونەر و ئەدەب بگەیەنــم، کە بریتــی بــوون لە تۆمــارکردنی چیرۆکەکــان. ئەوەی مــن ســەرەتا دەســتم دایە تەنهــا دیــدار و چــاوپێکەوتن بــــوو، لەگەڵ کەســــوکاری ئەنفــــالکراوان یــــان ئەوانەی خۆیــــان بەر

پەلاماری ئەنفال کەوتبوون و کارەکتەرێکی ناو ئەو تراجیدیایە بوون. بەڵام دەمزانی کارێکی بایەخدار دەکەم و ڕۆژێک دێت سوودێکیان بۆ نەوەی دواڕۆژ دەبێت، ئێستاش بەردەوامم و پێناچێت ئەم خەمە لەیەخەم ببێتە. خاڵێک کە گرنگە ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، کە لەناو کارەکەمدا وێنەکان هەڵوەستەیەکیان پێ کردم. بەتایبەتی ئەو وێنانەی پێش ڕووداوەکە گیرابوون و لەگەڵ ئەوانەی دوای ڕووداو چرکێندرا بوون. ژن و پیاو و منداڵ نەک هەر جلوبەرگیان بەڵکوو ڕووخساریان گۆڕابوو! ئەمە بۆ من مایەی تێڕامان بوو.

ئەفسووس هەتا ئێستاش لە باسی تاوانی ئەنفال ـدا هەر باس لە ڕووکەش و ڕووداوەکە بەگشتی دەکرێت؛ باسی گوند ڕووخاندن و ژمارەی قوربانییەکان دەکرێت؛ بەسەرهاتی خەڵک و مامەڵەی دڕندانەی سوپا و هێزە میلیشیاییەکانی جاش و گۆڕی بەکۆمەڵ و زیندانەکانی تۆپزاوا و دووبز و نوگرەسەلمان دەکرێت.

مەگەر چۆن، دەنا باس لە کاریگەریی و لێکەوتە و دەرهاوێشتەکانی تری ناکرێت، یەکێک لەو لایەنانەی فەرامۆشکراوە و دەبێت ئاوڕی لێ بدرێتەوە و بەووردی لێی ڕابمێنین، شێواندنی کولتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی و وێرانکردنی سروشتی نیشتیمان و شێواندنی حەز و ئارەزوو و دنیابینی خەڵکە، بەتایبەتیش گوندنشینەکان، کە لەزێدی خۆیان هەڵکەندراون و کراون بە ئۆردوگانشین. لەناو ئەو توخمانەدا کە زیانیان بەرکەوتووە و لێیان ناپرسرێتەوە "دەنگ و ڕەنگ"ی کوردییە

که زیانی گەورەیان بەرکەوتووە و شایانی بەدواداچوون و هەڵوەستە و قسە لەسەر کردنن.

دەنگ و ڕەنگ، قوربانیانی بێدەنگ

دەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە جریوەی باڵندەکانەوە بۆ لورەی چەقەڵ و قیرەقیرەی شەوانی بۆقی گوێ کانیاوەکان، کە کۆمەڵێک بوونەوەری ناو سروشتی کوردستانن. بەڵام لەوانەش گرنگتر لەبن چوونی هەزاران دەنگبێژ و گۆرانیبێژ و مەقامبێژی میللی و پەراوێزکەوتنی دەنگی شمشاڵ، بەتایبەتیش شمشاڵی شوانەکان. دەمێکە خەون و خولیای ئەوەم کەوتووەتە سەر گەڕانێکی مەیدانی بکەم بەناو خەڵکی ئەنفالکراودا هەتا بزانم چەند گۆرانیبێژ و مەقامبێژی گوندنشینەکان ئەنفالکراون؟ بەداخەوە بەتەنیا دەرەقەتی نەهاتم و کەسیش نەبوو شانم لەگەڵ بداتێ، بەڵکو کەمەوە پشتیوانیەکی دارایی بێ مەرج و بێمنەتم بکات. بەهەرحاڵ، با جارێک قسەیەک دەربارەی ڕەنگ بکەین و جارێ با لێکۆڵینەوە لە دەنگ بمێنێت بۆ کاتێکی تر. چونکە ڕەنگ یەکێکە لەو توخمانەی لە تاوانی ئەنفالدا گورزی بەرکەوت و لەناو زۆربەی خانەوادەکاندا بە تەواوی لەبن چوو. نەماڵی ڕازاوەیان بەڕەنگی جیاواز ماوە و نە جارێکی دی جلوبەرگی ئاڵ و واڵایان پۆشییەوە. لە کاتێکدا ڕەنگ هەمیشە لە ژینگە و سروشت و ناوماڵ و کاروباری خەڵکی کوردستاندا ئامادەیی

هەبـــووە، هەر لەبێشـــکە و دەســـترازە و گـــوڵینکە و پەردەی سەربێشـــکەوە بگـــرە هەتـــا بە کۆپانی کەر و هێسترەکانیشیان دەگات هەمووی ڕەنگ و گوڵینکەی ڕەنگداربوو.

سروشـــتی ناوچەکـــانی کوردســـتان بەتـــایبەتیش کوێســـتانەکان، ڕەنگاوڕەنـــگ و پـــڕ دار و درەخـــت و گـــوڵ و گـــوڵزارە و ســـیمای کولتـــووری و جـــوگرافی تـــایبەت بە خـــۆی هەیە. ئەوانەی لە پەلامارەکـــانی ئەنفـــالدا گیـــران و ئەنفـــالکران مرۆڤـــی نـــاو ئەم سروشـــتە ڕەنگیـــنە بـــوون، ئەوانەشـــی ئەنفـــال نەکـــران و زووتـــر بەدەم بـــانگەوازی بەعس ـەوە چـــوون و گونـــدەکانیان چـــۆڵ کـــرد و لە کـــۆمەڵگە زۆرەملێکانـــدا نیشـــتەجێ بـــوون، بە تەواوی لە شـــوێنی خۆیـــان هەڵکەنـــدران و بـــرانە شـــوێنێک کە ڕەنـــگ تیایـــدا نەبـــوو، یـــاخود بـــوونێکی لاوازی هەبـــوو، یـــان تەنهـــا ڕەنگێکـــی زاڵ تیایـــدا ڕەنگـــی ڕەش بـــوو. بەواتـــایەکی تر کۆمەڵگە زۆرەملێکان جگە لە قەرەباڵغییەکی بێ ڕەنگ شتێکی تر نەبوون.

هێزی وێنە و سینەما، وەرچەرخانێک لە ژیاندنەوەی ڕەنگ و ناسنامەی کوردیدا

ڕەنـــگ لە ناســـنامەی کولتـــووریی کـــوردیدا ئامـــادەییەکی زۆری هەیە و یەکـــێکە لە گرنگتـــرین توخمەکـــانی گێـــڕانەوەی چیـــرۆک و تەکنیکـــی ســـینەما، ســـینەماش باشـــترین ئـــامرازی گێـــڕانەوەیە و دەتوانێـــت ڕۆڵێکـــی زۆر گرنـــگ و کـــاریگەر لە ناســـاندنی تاوانەکـــانی جینۆســـایدی کـــورددا بگێڕێـــت، ســـینەما بەبـــێ وێـــنەی ڕەنگـــاوڕنگیش توانیـــوێتی گرنگتـــرین ڕۆڵ لە گـــۆڕینی ئایـــدیای مرۆڤـــدا بگێڕێـــت. لە دوای تێپەڕانـــدنی قۆنـــاغی ســـینەمای بێڕەنـــگ یـــاخود ڕەشوســـپی، چیـــدی ئەم هـــونەرە ناتوانێـــت، بەبـــێ

ڕەنگ لە هەستی بینەر نزیک بێتەوە. بەواتایەکی تر ئێستاش سینەما دەتوانێت بەبێ دەنگ چیرۆک بگێڕیتەوە، بەڵام بەبێ ڕەنگ ناتوانێت ئامانج بپێکێ تەنانەت ئەگەر فیلمەکە ڕەشوسپیش بێت. مەگەر دەرهێنەر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بێڕەنگی هەڵبژێرێت. بۆیە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی گێڕانەوە. ڕەنگە پەنابردن بۆ وێنە دروستترین ئامراز بێت لەبەردەمدا کە لەم سەردەمەدا خێراترین توانستی گەیاندنی هەبێت. ڕەنگ زمانێکی تری سینەمایە، تەکنیکێکە هێزی وێنە و گێڕانەوەی چیرۆک زیاد دەکات و چێژی سینەمایی بە چیرۆک دەبەخشێت، توخمێکی فرەڕەهەند و فرەئەرکە لە گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمدا، بەرهەمهێنەری مانایە و باشترین توخمی دەربڕینە کە بە فریای دەرهێنەر دەکەوێت. لەم سەردەمدا وێنە بەبێ ڕەنگ ناتوانێت کاریگەریی سۆزداری و سایکۆلۆجی لەلای بینەر دروست بکات. تەنانەت هەندێک لە ڕەنگەکان هەست و سۆزی تایبەتی دەوروژێنن. هەندێکجار ڕەنگ دەبێتە ناسنامە. هیچ ئاڵایەک نییە بەبێ ڕەنگ، کام وڵات هەیە ئاڵاکەی ڕەنگی تێدانەبێ؟ بۆیە جگە لە ناسنامەی دەوڵەتەکان دەبێتە ناسنامەی نەتەوەکان و پارت و ڕێکخراو و ئایین و ئایدۆلۆجیاکان.

بەردەوامیم لە کارەکەمدا لە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ئەنفالدا پەلکێشی کردمە ناو قوڵاییەوە و بەتێپەڕینی ڕۆژ، ئەزموونم زیاتر دەبوو، زانیاریشم زیاتر لەلا کەڵەکە دەبوو. هەر ئەزموونیش فێری کردم، کە پرسیاری وردتر لەو کەسانە بکەم،

پرسیاریش بێ مەبەست ناکرێت، کاتێک داوام دەکرد وەسفی شوێنی ژیانیانم بۆ بکەن: ماڵەکانیان، گوندەکانیان، شێوەی خانووەکانیان، شێوەی گوندەکانیان، ناوچەی جوگرافی و کانی و ئاو و سروشتی ناوچەکەیان. هەندێکیان تووشی قەیران دەبوون و لە وەسفکردنەکانیان سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە بە بیرمدا هات داوای وێنەیان لێ بکەم، وێنەی خۆیان و کەسوکاریان و گوندەکانیان، ماڵەکانیانم نیشان بدەن. ئەمە بۆ من هەر زانیارییەکی بەدەستهاتوو نەبوو، بەڵکوو خاڵی وەرچەرخانیش بوو لە ئایدیا و تێفکرینی زیاتر بۆ کارەکەم. وێنەکان هێزێکی تریان پێ دام و پرسیاری وردتریان وروژاند .

کاتێک وێنەی کۆمەڵێک منداڵی "گوندی وارانی"م بینی، فیلمی "شیندلرلیست"م بیرکەوتەوە، کە چۆن بە وێنەی کچۆڵە چاکەت سوورەکە لەناو فیلمێکی تەواو ڕەشوسپیدا مانا بەرهەم دەهێنێت! لە خۆمم پرسی ئەم منداڵانەی کوردیش دەهێنن فیلمیان لەبارەوە دروست بکرێت کە ئێستا بە جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە لە گۆڕی بەکۆمەڵدان. ئەوەی لەو وێنەیەی منداڵانی گوندی وارانیدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام "ڕەنگ" بوو. ڕەنگی جیاوازی جلوبەرگی منداڵەکان. ئەم وێنەیە ناچاری کردم باشتر تێڕابمێنم، نەک هەر لە خودی وێنەکە و منداڵەکان و ئەوەی لە چوارچێوەی وێنەکەدایە، بەڵکوو لە هەست و ڕۆح و باری دەروونی ئەو منداڵانە، کە لەناو ئەو سوخمە و کراسە بچکۆلە ڕەنگاوڕەنگانەدا دەڕواننە کامێراکە .

جـارێکی دی وێـنە زۆر بەدیـار خـۆیەوە ڕای گرتـووم ئەویـش وێـنەی چـۆلەکەیەکە کە لە هەڵبـجە بە چەکـی کیمیـایی مـردار بـووەتەوە. بـۆیە دەتـوانین بڵێـین وەک چـۆن دەرکەوتنـی ڕەنـگ و پەرەپێـدانی لە سـینەمادا بـووە خـاڵی وەرچەرخـان لە مێـژووی سـینەمادا ئـاوا بەکارهێنـانی ڕەنـگ بەئامـانجی دەرخسـتنی ناسـنامەی کولتـووریی و بەکارهێنـانی وەک زمـانی دەربـڕین بـۆ تراجیـدیای کـورد دەبێـتە خـاڵی وەرچەرخـان لە گێـڕانەوەی چیرۆکـی ئەنفـال و جینۆسـاید لە وێـنە و چیرۆکـی کرچوکـاڵەوە دەچێـت بـۆ چیرۆکـی بەهێـز و نـاوازە بە فـۆرم و ئیسـتاتیکای هـونەری کـوردیەوە. چـونکە جـوانی ڕەنگەکـان لە وێـنەی سـینەماییدا، هاوئـاهەنگی چیـرۆک دەبـن و دەبـنە زمـانێکی تـری گێـڕانەوە. ڕەنگەکـان هەر بـۆ ڕازانـدنەوە نـین بەڵکـوو بەشـێوەیەکی کـاریگەر هەسـتی شـیعری و جوانیناسـییان لەسـەر هەسـت و دەروونـی بیـنەر دەبێـت. بێگومـان هەر ڕەنگێکـیش کـاریگەری خـۆی هەیە. بەگشـتی ڕەنگەکـان بە هۆکـاری جیـاواز بـۆ نمـوونە بەهۆی کولتوورەوە کاریگەرییان لەسەر باری دەروونی و کەسایەتی مرۆڤ هەیە.

ڕەنگ لە ژیان و کولتووری کوردیدا، یادەوەریی و بیرلێکردنەوە

هەر ئەو ڕۆژە لەنـاو ماشـێنەکەمدا بەدەم ئاژووشـتنەوە بیـرم لەبەرهەمهێنـانی فـیلم دەکـردەوە، بیـرم لەو منـداڵانە و خەنـدە و ڕوانـین و ڕەنگـی جلەکانیـان دەکـردەوە، بیـرم لەوە دەکـردەوە، کە ئێسـتا لە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا تەنهـا پەیـکەرە ئێسـکەکانیان مـاوەو ڕەنگـی جلوبەرگەکانیـان هێشـتا هێنـدە کـاڵ نەبـووەتەوە و دەتـوانرێ کەسـەکانی پـێ

بناسرێتەوە، وەک چۆن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گوندی کورێمێدا بەڕەنگی جل و پشتێنەکانیان هەندێک لە کەسەکانیان ناسیەوە. کەچی هەمان ڕۆژ لە گەڕانەوەمدا لەناو ئۆردوگای زۆرەملێی ڕزگاریی (سمود) لە نزیک کەلار، چاوم چووە سەر ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە خوێندنگاکەیان هاتبوونە دەرەوە و بەڕیز ملی ڕێگای ماڵەوەیان گرتبوو، وەک هێڵێکی ڕەش بەسەر شۆستە و قەراغی شەقامەکەدا دەکشان. بەڵام ئەوەی بۆ من سەرنجبەر و مەترسیدار بوو، ڕەنگی جلوبەرگی ئەو خوێندکارە کچانە بوو، کە هەموویان ڕەشپۆش بوون. تابلۆیەکە تەواو جیاواز بوو لەو وێنەیەی ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی وارانێ بە کامێرایەکی هاکەزایی چرکێندراوە. وێنەی ئەو خوێندکارانە شەقامەکەیان کردبووە "تابلۆیەکی ڕەش" ڕۆیشتنی ئەو هەموو خوێندکارە جل ڕەشە لە بەر چاوم هەر وێنەیەکی جوان نەبوو، بەڵکوو تێڕامانێکی قوڵیش بوو لە کاریگەری ئەنفال بەسەر ئەم ناوچەیەوە. هەرلەوێ ئایدیا و تایتڵی ئەم وتارە لە دایک بوو، ئەنفال هەر مرۆڤ و مەل و باڵندەکانی کوردستانی نەکوشت بەڵکوو ڕەنگیشی کوشتووە. کوردستانی ڕەنگین لە دوای ئەنفال نزیک بۆتەوە لەوە بێڕەنگی. ئێ نەبوونی ڕەنگ لە پێش چاوی مرۆڤ و یەک ڕەنگی لە ژیانی مرۆڤەکاندا کوشتنی زەوق و ڕۆح و ناچالاکی مرۆڤەکانیشی بەدوادا دێت. ئەمە ڕێک ئەو دۆخەیە کە ڕۆحی کورد بوونی تێدا دەکوژرێ. ئەو مرۆڤانەی ئەنفال بەفیزیکی نەیکوشتن ڕۆحی ئەوانە دەکوژێ کە بەسەر زیندوون و لە چاوەڕوانیدا شەکەت بوون. ئەم چیرۆکانە لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبی و هونەری زیاتر بە سینەما دەگێڕدرێنەوە. هەروەک چۆن کلۆس ئەپ لە توانایدایە باری دەروونی کارەکتەر

دەربخـــات بەهەمـــان شـــێوە ڕەنـــگ و دەنگـــیش دەتـــوانن ئەو ئەرکە ببیـــنن. بە بـــڕوای حەمیـــد عقبـــی بەکارهێنـــانی ڕەنگەکـــان تەنهـــا بـــۆ نیشـــاندانی دیـــوی دەرەوە نیـــیە، بەڵکـــوو لە زۆر حاڵەتـــدا بـــۆ دەرخســـتنی دیـــوی نـــاوەوەی کارەکتەرەکانیشـــە، جلـــوبەرگ و دەمامـــک، یـــان ئەو کڵـــدوانەی مەیلیـــان بـــۆ بەکارهێنـــان هەیە زۆرجـــار واتـــایەکی ئەفسانەیی و ڕۆحییان هەیە.

چـــوومەوە نـــاو دنیـــای ئەو کەســـانەی دیـــدارم لەگەڵـــدا ســـاز کردبـــوون، ئەو ژنە ڕەشپۆشـــانەی بەرانـــبەر کـــامێراکەم دادەنیشـــتن و وێـــنەی پـــێش ئەنفالیـــان نیشـــان دەدام، هـــی کـــاتی زەماوەنـــدیان، بوخچەکانیـــان، ســـوخمە و کـــراس و ملوانکەیـــان، وێـــنەی بـــوخچەکەی مـــرییەم و فریـــای دەســـتگیرانداری گونـــدی تیلەکـــۆ، کە ئەنفـــال نەیهێشـــت هەرگیـــز لەبەر بکـــرێن. وێـــنەی پیـــرۆز و ئیبراهیمـــی نەجـــول؛ ســـەفەر و دەڵالی گونـــدی جەلەمـــۆرد لە کـــاتی زەماوەندیانـــدا؛ وێـــنەی گونـــدەکان بە ئـــاوەدانی و داروردەخـــت و ســـەوزایی. دواجـــاریش وێـــنەی ئەو ملـــوانکە و ســـوخمە و کـــراس و ئاوەڵکراســـە ڕەنگـــدارانەی لە بـــن لمـــی بیابانیشـــدا هێنـــدە کـــاڵ نەبووبـــوونەوە هەتـــا نەناســـرێنەوە. ئەوانە ناســـنامەی مەزڵـــومییەتی کـــورد و کۆمەڵکـــوژی خەڵکێکـــی مەدەنـــین لە گـــۆڕی بەکۆمەڵـــدا. ناســـنامەی ئەو مرۆڤـــانەن کە چاویـــان بە ڕەنـــگ دەگەشـــایەوە و لە بیابـــانێکی وشک و بێ ڕەنگدا کوژران و نێژران.

لەپێش ئەنفالدا ڕەنگ بەشدارییەکی زۆر زیاتری لە ژیانی کوردیدا هەبووە، جگە لە قاپ و کەوچک و قۆری و پیاڵە، ڕایەخ و پێخەفی وەک بەڕە و جاجم و لێفە و سەرین و بەرگی دۆشەکی ڕەنگدار و گوڵدار لە هەموو ماڵێکی کوردیدا ئامادە بووە.

ڕەنگ لە خانووبەرەی گوندەکاندا، گوندەکان ئەگەرچی بەزۆری لە بەرد و قوڕ دروست کرابوون بەڵام دەرگا و پەنجەرەی گوندنشینەکان بەزۆری شین بوون. جگە لەوانەش ڕەنگ لەناو شیعر و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ئامادەییەکی زۆریان هەبووە. هەموو ئەوانەش کەرەسەی گرنگی ئەدەب و هونەر و هزراندنن، بەتایبەتیش هونەری سینەما دەتوانێت ڕۆڵێکی زیاتر لە زیندووکردنەوەیاندا بگێڕێت. دابەشکردنی ڕەنگەکان لە سینەمادا ئەگەر بەشێوەیەکی هونەری و لە فۆرمێکی کوردیدا بێت ئەوا سینەما دەتوانێت گیان وەبەر هەستی کوردیدا بکاتەوە بۆ ڕەنگەکان. دابەشکردن و بەڕێوەبردنی ڕەنگەکان لە دیمەنێکی سینەماییدا، وەک هونەری شێوەکاری نییە، واتە مەرج نییە پێکهاتەی دەرەکی دیمەنەکە بکاتە ئامانج، بەڵکوو ڕیتمێکی ناوەکی دروست دەکات کە لە ڕێگەیەوە ماتەوزەیەکی هەستی و سۆزداری دەردەکەون.

ڕەنگ لەناونانی شوێندا، ڕەنگ لەناولێنانیشدا پێگەیەکی گرنگی لە کولتووری کوردیدا هەبووە. هەرلەناوی گوندەکانەوە هەتا بە چیا و کێوەکان و دەشت و دەر و ناوی کەسەکان دەگات. بێگومان ناونان پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی و زەوقی مرۆڤەکانەوە هەیە. جگە لە ناوی مرۆڤەکان ناوی چیا و گوند و شوێن

هەمیشـــە ئامــادەیی هەبـــووە لە کوردســـتان‌دا. بـــۆ نمـــوونە: نـــاوی هەنـــدێک لە گونـــدە ئەنفالکراوەکـان: زەردە، زەردەهـاڵ، شـیوە سـوور، کـانی سـوور، گـۆمە شـین، تەپە سـپی، تەپە ڕەش، تەپە ســـەوز، بەردە ڕەش، بەردە ســـوور، گوڵەبـــان، کە بە هـــۆی سیاســـەتی تەعـــریبەوە گـــۆڕاوە بـــۆ "کولبـــان" کە هـــیچ مانـــایەکی نەمـــاوە. بەهەمـــا شـــێوە، نـــاوی هەنـدێک لە چیاکـان وەک کـێلە شـین، کـێلە سـپی، کێـوە ڕەش، کـێلە زەرد، زەردە. نـاوی ئـاو و کانیاوەکـانیش ڕەنـگ تێیانـدا ڕەنـگ دەداتەوە، وەک گـۆمە شـین، ئـاوە سـپی، کـانی ڕەش. لە نـاوی هەنـدێک لە کچـان و کـوڕانیش هەمـان شـت هەسـت پـێ دەکرێـت، وەک: گوڵاڵە، خـونچە، سـەوزە، نازنـاز، بەفـرین، کـاکە ڕەش، کـاکە سـوور، کـاکە شـین، حەمە بۆر و حەمەسوور.

ڕەنــگ لە پەنــدی پێشــینانی کوردیــدا، وەک: پــارەی ســپی بــۆ ڕۆژی ڕەش؛ قــونی ڕەش و ســپی لە بــوار دا دەردەکەوێ؛ هەرچــی ســمێڵی ســوور بــوو هەمزاغــا نیــیە؛ لەهەمــوو شتێکدا بەختم ڕەشە تەنها لە شفتی سپیە.

ڕەنــگ لە مەتەڵــی کــوردیدا، وەک: تــاژییە ڕەشــەی دەم هەراشــێ، خێــو و خاوەنــی نــانــاســێ (تفەنــگ)؛ کەرێ شــین، تەلەبەنــدی شــین، دامکوتــاوە لە مێرگــی شــین (شــوتی کەهێشــتا لەبــڕەکەی نەکــراوەتەوە)؛ گـــا ســـووری حەوت چەرم، بـــۆی گریـــای بەبـــێ شـەرم (پیازی سوور).

ڕەنگ لەناوی باڵندەدا، وەک: کۆترە شینکە؛ شینە شاهۆ، قەلە ڕەش. ڕەنگ لە ناوی مار و مێرووشدا ڕەنگی داوەتەوە وەک: زەردەمار؛ شینی گاهەنگێو؛ ڕەش مار و کەوەمار .

ڕەنگ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، وەک: "سەرت شینەکەی" ئەمە زیاتر بۆ ژنان بەکاردێت واتا بەشت هەر مەینەتی بێت بەپێچەوانەشەوە بەکارهاتووە، "خوایە سەرت شین نەکەی"، یاخود ڕووسوور بیت. ئەمەش تەنها بۆ ژنان و کچان بەکارهاتووە. بەپێچەوانەشەوە دەگوترێ ڕووڕەش بیت. یاخود دەگوترێ چاوی سپیم. لەناو شیعری فۆلکلۆریشدا ڕەنگ هەمیشە ئامادە بووە و بەمەبەست ناوی هاتووە: دەمەکەت هەنگوین لەقوتوی شیندا، ناردمە خوازبێنیت لێم چوون بەقیندا. لێرەدا قوتوی شین بە واتای قوتوی هەڵنەپچڕاو دێت، یان قوتوی سەرمۆر مەبەستی ڕەنگی ئەو مۆرەیە کە لێی دراوە وەک ئاماژەیەک بۆ نەکردنەوەی. بەپێچەوانەی ئەم ئیدۆمەشەوە دیسان ڕەنگ جێگەیەکی دیاری لە فۆلکلۆری کوردیدا هەبووە وەک بەکارهێنانی ئیدیۆمی : ڕووسوور بیت، بە واتای شکۆمەند و سەربەرز و ئابڕومەند بیت. پەڕۆی سووری بووکێنی بەواتای ئابڕومەندی و نیشانەی داوێنپاکی بووکی یەکشەوە هاتووە.

ڕەنگ وەک میتافۆر و سیمۆلۆژیای شەڕانگێزی، وەک: فڵانە کەس چاوی سوور بووە، بە واتای کەسێکی شەڕانگێز و بکوژ بەکاردەهێندرێت. یاخود دەستی بە خوێنی خەڵک سوورە. جاشەکان بوونە کەواسووری بەر لەشکر، ئەوە زیاتر لە دوای ئەنفال

بەکار دەهات. ڕەنگی سەوزیش هێمای پیرۆزییە، وەک ئەوەی بیکوژێ دەستی سەوز دەبێت، واتە پیرۆزدەبێ و شایان بە ماچ کردنە. هەروەک ڕەنگی مەرقەد و شوێنە ئایینییەکانیش بە ڕەنگی سەوز واتای سیمۆلۆجیان وەرگرتووە. بەڵام لە بەرانبەریشدا وەک کۆد و جوفرە بەکارهاتووە، گوتوویانە فڵدن کەس حەبە سەوزەکەی قوتداوە واتە بووە بە بەعسی.

تێکەڵکردنی ڕەنگ بۆ نیشاندانی جوانی "سوور و سپی"، وەک دەڵێن ژنێکی جوان و باڵابەرزی سوورو سپییە. لێرەدا هەردووک ڕەنگەکە پێکەوە واتایەک دەبەخشن. ئەگەر بە تەنها هەریەکێکیان بەکاربهێندرێت واتاکەشی بەتەواوی دەگۆڕێ ئەگەر بە تەنها بگوترێ سوورە ئەوا پەسەند نییە، چونکە زۆر جار ئەگەر کەسەکە قەڵەو بووبێت گوتویانە سوورفلە، یان سوورە. ئەگەر سپیش بووبێت بە خوێنساردیان زانیوە وەک حەسەن زیرەک دەڵێت: سپی سادە بەلاشە، ئەسمەر بێ و خاڵ لە ڕوو بێ هەزار و شەش سەد دینار .

هەموو ئەم میدیۆم و میتافۆرانە دەشێت توخمێکی گرنگی هونەریی و ئەدەبی و شاکاری بەرز بن. لە هەموویان گرنگتر سینەمایە کە دەتوانێت سوودێکی زۆر لەو ڕەنگانە ببینێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئەنفال و بە دۆست و دوژمنی نیشان بدات، کە ژنانی کورد هەروا ڕەشپۆش نەبوون، بەڵکوو ئەوەش لێکەوتەی جەنگ و جینۆسایدە لە کوردستان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا ژنی کورد سەرباری تراجیدیا و تازیەباری سەرباری ڕەشپۆشیشی دەستبەرداری ڕەنگ نەبووە تەنانەت

ئەگەر بەڕێژەیەکی زۆر کەمیش بووبێت لەناو کراس و کەوا ڕەشەکانیاندا گوڵی سپی و شین و سەوز و سووری مات هەر هەبووە.

بیبلیۆگرافی


1. ئاراز فایەق، کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٠٧٢ ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٩/١٣.

2. عەلی پێنجوێنی، ڕەنگ و فەلسەفە، ئاریان تیڤی، ڕێککەوتی ٢٠٢٤/١٠/٤.

3. دڵشاد مستەفا، سینەما وێنەی جوڵاو، دەزگای سەردەم، ٢٠٢٣.

4. خنوش مختاريه، مجلة النص، المجلد ٧، العدد: ٢ (٢٠٢٠) جمالية اللون في الصورة السينمائية وتأثيرها على ذاتية المتلقي.

5. حميد عقبي، جماليات الالوان ودلالاتها فى سينما بازولينى، ايلاف، ٢٠١٠/٢/٢٦.

6. يوسف محسن، القدس العربي اللون السينمائى، قراءة في التناغم والإيقاع والدلالة، ٢٠١٨/٥/٧.